هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری سەرچاوە مرۆییەکان
بەشی کارگێری

إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية ادارة المواد البشرية
قسم الادارة

Kurdistan Regional Government
(ISO 9001:2015)

ژمارە : ١١٩٣٢
ڕێکەوت : ١٢ / ٤ / ٢٧١٩ کوردی

NO
DATE: ٢٠١٩ / ٧ / ٣

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ**

**ب/ ڕێنمایی**

هاوپێچ لەگەل نوسراوماندا ، وێنەیەك لە کۆنووسی کۆبوونەوەی ٢٠١٩/٧/٢ کە لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ ئەنجامدرا لەسەر بابەتی پشکنینی پشتێنی سەلامەتی و سیستەمی ئیرباك بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە ناو هەرێمی کوردستان هاتووچۆ دەکەن و ڕێکخستنی ماتورسکێل و سیستەمی گرێبەستی ئۆتۆمبێل بۆتان ڕەوانە دەکەین بە مەبەستی جێبەجێ کردنی خاڵەکانی کۆنووسی هاوپێچ هەر لایەك بە پێی پەیوەندی.

بۆ وەرگرتن و کاری پێویست ، لەگەل ڕێزدا ...

هاوپێچ:
- کۆنووسی کۆبوونەوە.

**کـریم سنجاری**
**وەزیـری ناوخـۆ**

وێـنەیەك بـۆ :-

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ هاوپێچ وێنەیەك لە کۆنووسی ئامازەپێکراو/ لەگەل ڕێزدا...
- پارێزگاکانی (هەولێر، دهوك ، سلیمانی، هەلەبجە) و ئیدارەی ڕاپەڕین و ئیدارەی گەرمیان/ لە ڕێگای لیژنەکانی ئەمنی کاری پێویست ئەنجام بدەن بە جێبەجێ کردنی برگەکانی دووەم و چوارەمی کۆنووسی هاوپێچ لەگەل ڕێزدا...
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ/ بۆ کاری پێویست تایبەت بە برگەی دووەمی کۆنووسی هاوپێچ/ لەگەل ڕێزدا...
- نوسینگەی بەرێز سەرپەرشتیاری وەزارەت/ بەهەرموون بوزانین ، لەگەل ڕێزدا...
- نوسینگەی بەرێز بـ گ دیوان/ بەهەرموون بوزانین ، لەگەل ڕێزدا...
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان / بەڕێوەبەرایەتی IT / بۆ ئامادەکردنی پرۆپوزەلی پرۆژە تایبەت بە برگەی سێ یەمی کۆنووسی هاوپێچ ، لەگەل ڕێزدا...
- کۆمپانیاکانی پشکنینی ئوندوتۆلی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان/ بۆ کاری پێویست تایبەت بە برگەی یەکەمی کۆنووسی هاوپێچ/ لەگەل ڕێزدا...
- بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ لە پارێزگای ( هەولێر، دهوك ، سلیمانی، هەلەبجە) / هاوپێچ وێنەیەك لە کۆنووسی ئامازەپێکراو بۆ [illegible] ، لەگەل ڕێزدا...
- جوڵە

(WI-04 F1)
ژمارە و ڕێکەوتی دەرچوون (0) [illegible]

Kurdistan Regional Government
Ministry of Interior

## کۆنووسی کۆبوونەوە

لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٧/٢) کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ بە ئامادەبوونی بەڕێز (د.سامی جلال حسین) بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و هەر ئەو بەڕێزانەی لە خوارەوە واژوویان کردووە کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و پێشنیار کرا ئەم ڕێکارانەی خوارەوە پەیرەو بکرێت:

**یەکەم/ پشکنینی پشتێنی سەلامەتی و سیستەمی ئێرباك بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە ناو هەرێمی کوردستان هاتووچۆ دەکەن:**

أ. لە بەرواری ٢٠٢٠/١/١ پێویستە پشکنینی سیستەمی ئێرباك و پشتێنی سەلامەتی بکرێتە یەکێك لە مەرجەکانی توندوتۆڵی ئۆتۆمبێل وە دەبێت کومپانیاکانی پشکنین تا ٢٠٢٠/١/١ ئەم سیستەمە ئامادە بکەن وە هەر کۆمپانیایەك پەیرەوی نەکات لەم بڕیارە یان بڕوانامەی پشکنینی بدات بە ئۆتۆمبێلێك کار بە سیستەمی ئێرباك و پشتێنی سەلامەتی نەکات بۆ هەر حالەتێك (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پانزدە ملیون دینار سزا دەدرێت وە ئەگەر ئەم سەرپێچییە دووبارە بووتەوە ئەوا مۆڵەتەکە هەڵدەوەشێتەوە و بە یەکجاری دادەخرێت.

ب. هەر کۆمپانیایەك سەرپێچی ڕێنماییەکانی مەرجەکانی پێدانی بڕوانامە توندوتولی بکات بە (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیون دینار سزا دەدرێت وە ئەگەر بۆ سێیەم جار ئەم سەرپێچییە دووبارە کرایەوە شوێنەیەکەی بۆ ماوەی یەك مانگ دادەخرێت وە ئەگەر دوای داخستنەکە دووبارەی کردووە ئەوا گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە و بە یەکجاری دادەخرێت ، ئەم حالەتە سەرپێچییەکانی تر دەگەرێتەوە و ئەوەی لە خالی (أ) باس کراوە نایگرێتەوە.

ت. زیادکردنی پشکنینی کارکردنی قفلی بونێت و صندوق بۆ مەرجەکانی توندوتۆڵی ئۆتۆمبێل و سزاکانی ئەم خالە هەمان سزای خاڵی (ب) دەگرێتەوە.

**دووەم/ بابەتی ڕێکخستنی ماتورسکێل:**

أ. ڕێگەپێدان بە هاوردەکردنی ماتورسکێل لە قەبارەی (١٢٥ سی سی) کەمتر نەبێت لە جورەکانی (٢و٣و٤) تایە بە مەرجێك بە شێوەیەکی فەرمی وە لە ڕێگای خالە سنورییەکان هاوردە کرابێت وە لە پشکنینی کوالێتی کونترۆلی خالە سنورییەکان پەسەندکرابێت وە مەنەفستی لەگەل بێت و مودێلی هەمان ساڵ بێت.

ب. ماتورسکێل پێویستە لە ماوەی (٥) ڕۆژدا لە لایەن کومپانیای هاوردەکار تومار بکرێت لەسەر ناوی کەسی یان کومپانیا. وە ئەگەر خاوەنی ماتورسکێل کەسێکی مەعنەوی بێت وەك کومپانیا یان رستوران کە خزمەتی گەیاندنی خواردەمەنی پێشکەش دەکات (Delevary) ئەو کارمەندە پێویستە مۆڵەتی ماتورسکێلی هەبێت و لە لایەن خاوەن کومپانیا یان رستوران ڕێگەپێدراو بێت.

ت. شوفێری ماتورسکێل پێویستە مەرجەکانی سەلامەتی هەبێت وەکو (کولاوی سەلامەتی، پەنجەوانەی سەلامەتی و ...هتد).

پ. نابێت ماتورسکێل بۆ دوو سەرنشین ( خودی شوفێر و سەرنشین) زیاتر بەکار بێت و هەر دووکیان مەرجەکانی سەلامەتی پەیرەو بکەن.

ج. پێویستە شوفێری ماتورسکێل پابەند بێت بە یاسا و ڕێنماییەکان و هێماکانی هاتووچۆ.

ح. ئەو پێشانگا و دوکانانەی کە ماتورسکێل نمایش دەکەن ئەگەر بە فەرمی ئەو ماتورسکێلانە داخل نەکرابن و مەنەفستیان نەبێت لە ڕێگای لێژنەی قائیمقامیەت و لێژنە تایبەتیەکانەوە شوێنەکە دادەخرێت و ماتورسکێلەکان دەستی بەسەردا دەگیرێت و ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ دەکرێن.

Kurdistan Regional Government
Ministry of interior

پ. ئەو شوێنانەی کە ماتورسکێل چاك دەکەنەوە نابێت ماتورسکێلی بێ تابلۆ (تۆمارنەکراو) چاك بکەنەوە بە پێچەوانەوە لە لایەن لیژنەکانی قائیمقامیەت دادەخرن و بە بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار سزا دەدرێن و لە حاڵەتی دووبارەبوون ئەوا مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە و دادەخرێت.

**سێ یەم/ بەستنەوەی خاڵە سنورییەکان بە وەزارەتی ناوخۆ بۆ بە ئەلکترونی کردنیان:**

أ. دامەزراندنی سیستەمێکی ئەلکترونی بۆ بەستنەوەی خاڵە سنورییەکان بە وەزارەتی ناوخۆ وە هێنانەکایەی سیستەمی ئەلکترونی و پەسەندکردنی پێشنیاری سیستەمی ئەلکترونی بە پێی ئەو سنراکچەرە کە پێشتر ڕەزامەندی لەسەردراوە کە **هاوپێچی ئەم کۆنووسەیە.**

ب. پێویستە ڕێنماییەکی تایبەت بە ڕێکارەکانی بڕگەکانی سەرەوە بە تایبەتی دروست کردنی کلیشەیەکی یەکگرتووی گرێبەستی ئەلکترونی.

**چوارەم/ لە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧ کە تایبەتە بە تومارکردنی ئۆتۆمبێلی تۆمارنەکراو لە ٢٠١٩/٧/١:**

أ. **گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ هەڵمەتی دەست بەسەرداگرتنی دەست پێ دەکەن بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی ئەمنی پارێزگا و گشت یەکە ئیدارییەکان وە ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرك دەکرێن:**

ب. ئەو پێشانگانەی کە کاری کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی بێ سەرەتا بکات لە لایەن لیژنەی ئەمنی یەکە ئیدارییەکان دادەخرێن دوای ئاگادارکردنیان بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ.

ت. **هەر پێشانگایەك بە شێوەی تاك تاك کاری فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی بێ سەرەتا بکات لە لایەن لیژنەی ئەمنی یەکە ئیدارییەکان دادەخرێن دوای ئاگادارکردنیان بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ.**

عمید/فەرەیدون عمر احمد
ب.هاتووچۆی سلیمانی

عمید/ فخری احمد مجید
ب.هاتووچۆی دهوك

لیوا/ هێرش احمد محمد
ب.هاتووچۆی هەولێر

لیوا/رزگار علی عزیز
ب.گ.هاتووچۆ

د. سامی جلال حسین
بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ

عقید/ فرست صابر مصطفی
ب.هاتووچۆی ڕاپەڕین

عمید/عثمان محمد خدر
ب.هاتووچۆی سوران

عمید/محسن منصور کریم
ب.هاتووچۆی گەرمیان

عمید/حسن عبدالله محمد
ب.هاتووچۆی هەڵەبجە

کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ
پەسەندی دەکەم